کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-7-2007 2:04

## شەوتان باش ئەندامانی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی ... محمد خليل

بەراستی پێم سەیرە ئەندامانی راگەیاندنی وەزارەتە ئاوا بێباکانە و بە ممتانەوە بەرگری لە وەزیرو د. کاوە و د. دارا دەکەن بی ئەوەی بەدوای راستیەکاندا بگەرێن. خۆ گەر سودێکی بۆ ئەوانیش تێدابی هەر چاکە بەلام لە خوا بەزیاد بی ئەوانی لەناو وەزارەتن دەلێن بیبەشی تەنها بۆ ئەندامانی راگەیاندنی وەزارەتە. سەیرە (عەلی) یکی ئاوا بە چەند قسەیەکی د. کاوە هەلبخەلەتی و بەرگری لی بکا کاک عەلی تۆ خاوەن کەسایەتی خۆتی چیت لە گەندەڵ و گەندەڵ کارانە. من ئامۆژگاری دەکەم کە وازبێنی و هەر بەسەربەرزی بمێنی باشترە. گەر بێنە سەر (قاسم) ناوەکەش کە وەك سێبەری عەلی وایە و هیچی لە دەست نییە تەنها بۆ چەند عانەیەك وادەکا. (د. دیار) یش تازە بۆ ئەم دوو کوچکەیە زیادبووە کە باوەرم وایە هەرلە سەرەتاوە دەوری هەبووبی بەلام خۆی شاردبێتەوە بە توجیهی د. کاوە و ئێستا دوای د. شێرزاد د. کاوە هێناویەتیە دەرەوە و کارەکانی خۆی پێدەکا و هیچشی ناداتی. دەپرسم کاك د. دیار هەموو راگەیاندن ئیفادکران تۆ بۆ نەکرای. ئامۆژگاریم بۆت ئەوەیە لەم کێشەو ببینەو بەردەیە وەرە دەرەوە تۆ خاوەنی ماستەری. ئەمانە دەزگا کرچ و کالەکەی راگەیاندن لە وەزارەتی تەندروستی بەرێوەدەبەن بە سەرپەرشتی راستەوخۆی د. کاوە ئەوەتا لەم چەند رۆژەی دوایی ناوی د. کاوە لە گۆڤاری تەندروستی و کۆمەل و رۆژنامەی تەندروستیش زیادکراوە. دەی ها د. کاوە دەبی هیچ لە ئیعلام بزانی یان بۆ بەرەکەت خستنە ناو کارەکانی راگەیاندن و دلْخۆش کردنی قاسم و د. دیارە. ئەمانەن وەلامی گەندەلی دەدەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.